# هەرکەسێک بەیانیان یان لە پاش بەتین بوونی خۆر بچێت بۆ مزگەوت؛ ئەوا خوای گەورە میوانداریيەکی ڕێزلێگیراوانەی بۆ ئامادە دەکات لە بەهەشتدا، هەرکاتێک بەیانیان یان پاش بەتین بوونی خۆر بچێت بۆ مزگەوت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بەیانیان (بۆ نوێژی بەیانی) یان لە پاش بەتین بوونی خۆر بچێت بۆ مزگەوت (بۆ نوێژی نیوەڕۆ یان نوێژی عەسر)؛ ئەوا خوای گەورە میوانداریيەکی ڕێزلێگیراوانەی بۆ ئامادە دەکات لە بەهەشتدا، هەرکاتێک بەیانیان یان پاش بەتین بوونی خۆر بچێت بۆ مزگەوت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەوەی بچێت بۆ مزگەوت لە سەرەتای ڕۆژدا بۆ نوێژی بەیانی، یان بچێت بۆ مزگەوت پاش بەتین بوونی خۆر بۆ نوێژی نیوەڕۆ یان نوێژی عەسر، جا بۆ نوێژ کردن بێت یان بۆ فێربوون وفێرکردنی زانستی شەرعی، یان بۆ جگە لەمانە لە هۆکارەکانی تری خێرکردن، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە لە سەر ئەم کارەی ئەویش بە ئامادەکردنی شوێنێکی ڕێزلێگراوانە بۆی لە بەهەشتدا هەرکاتێک بچێت بۆ مزگەوت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5436